# بێدەنگی مەرجەعییەت لە پەلکێشانی سەدر

17-01-2022

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** ناکۆکییە قووڵەکانی هێزە سیاسییە شیعییەکان لە یەکەم دانیشتنی پەرلەماندا بەزەقی بۆ دەرەوەی تایفەکە دەرکەوت و، ئەو پەلکێشانە بەردەوامەش کە لە گوتار و کاریگەریی سەدردا هەیە، پێکەوە پرسیاری گەورەیان لەسەر رۆڵ و هەڵوێستی مەرجەعیەتی سیستانی دروستکردووە.

**یاسین تەها|**

ناکۆکییە قووڵەکانی هێزە سیاسییە شیعییەکان لە یەکەم دانیشتنی پەرلەماندا بەزەقی بۆ دەرەوەی تایفەکە دەرکەوت و، ئەو پەلکێشانە بەردەوامەش کە لە گوتار و کاریگەریی سەدردا هەیە، پێکەوە پرسیاری گەورەیان لەسەر ڕۆڵ و هەڵوێستی مەرجەعیەتی سیستانی دروستکردووە.
سیستانی مەرجەعی باڵایە، لە ساڵانی گەمارۆی ئابووری و پاش شکستی ڕاپەڕینی شیعە لە پارێزگاکانی باشوور و لە ئەنجامی مردنی ئایەتوڵڵا خوئی دەستبەکاربووە (1992)، بەڵام پاش دەیەیەك لەو مێژووە، چانسی ئەوەی پێبڕا کە لەسەردەمی ئەودا ڕابوونی شیعە و سەرکەوتنیان بۆ سەر تەختی بەغدا لە خەونەوە ببێتە ڕاستی (2003)، ئەمەش سیستانی کردە ڕابەر و ئاراستەکەری لەدایکبوونەوەی شیعە. بە گوشار و پێداگری سیستانی، دەستووری 2005 پێگەیێندرا، هەر بە ڕێنمایی ئەویش یەکەمین گەورەترین و بەرفروانترین هاوپەیمانی شیعە پێکهێنرا (لیستی مۆمەکە 169)، بە نامەیەکی ئەویش ویلایەتی سێیەمی مالیکی لەبار برا. کاتێك داعش گەیشتنە پشتێنەی بەغدا (هاوینی 2014)، فەتوای ئەو بوو کە شیعەی عێراقی لە مەترسی داڕمان و هەرەس پاراست.
ئێستاش کە شیعەکان وەك ئەو ڕووداوە جومگەییانەی پێشتر کەوتوونەتە نێو دابەشبوونێکی بێ وێنە و، گفتوگۆ و بەریەککەوتنەکانیان لەبارەی گۆڕینی بنەماکانی پرۆسەی سیاسی چڕبووەتەوە، لە زۆرلایەنەوە شیعەکان سۆراخی هەڵوێستی نەجەف دەکەن. بەتایبەت پاش ئەوەی سەرجەم ڕێگەکانی گفتوکۆ و دانوستاندن لە قۆناخی یەکەمدا بەسەردانی قائانیشەوە بۆ عێراق، نەیانتوانی بە لانی کەمی لێکتێگەیشتنەوە بیاننێرنە یەکەم دانیشتنی پەرلەمان، بەڵام مەرجەعییەت تاوەکو ئێستا بێدەنگی ئاشکرایە و ڕۆڵی تەماشاکەری هەڵبژاردووە.
سیستانی کە هەر زوو ئیحراجی کاری لایەنە شیعەکان بوو، لە 2011 دەرگای ماڵەکەی بەڕووی سەردانی سیاسییەکان دا داخست. لە شوباتی 2016 بێ هیوابوو لە ئامۆژگاریکردنی هێزە شیعەکان و گوتاری سیاسی هەفتانەی ڕاگرت. لە دوای ئەو کاتەشەوە تەنیا چوار جار پەیامی ڕاستەوخۆی هەبووە لە گوتاری هەیینییەکان، کە ئەوانیش گوتاری ڕزگارکردنی موسڵ (14/7/2017)، گوتاری گشتپرسی کوردستان (29/ 9/ 2017)، گوتاری سەرکەوتن بەسەر داعش (15/12/2017) و دواترینیشیان سەبارەت هەڵبژاردن بوو (4/5/2018). لە سەرەتای سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆناشەوە نوێژی جومعەی کەربەلای بەیەکجاری ڕاگرت (ئاداری 2020)، بەمەش ئاگاداربوون لە هەڵویست و ڕێنماییەکانی مەرجەعییەت کورت بوویەوە بۆ کەناڵە تایبەتەکان و، بەشێوەی ئاشکراش نەجەف قسەکردنی سەبارەت پرسە گشتییەکانی عێراق ڕاگرت.
ڕاگرتنی گوتار کە بە جۆرێك لە پاشەکشەکردنی سیستانی لێکدەدرێتەوە لە ئاراستەکردنی پرۆسەی سیاسی، ڕێگرنەبوو لەوەی نەجەف لە پشت پەردەوە لاری نەبوونی خۆی بداتە عادل عەبدولمەهدی بۆ پێکهێنانی کابینەکەی (ئۆکتۆبەری 2018)، کاتێکیش خۆپیشاندەران تەنگیان بە عەبدولمەهدی هەڵچنی و خوێنی خۆپیشاندەران شەقام و گۆڕەپانەکانی سوورکرد، مەرجەعییەت داوای پێداچوونەوەی بە حکومەتدا کرد و ناچار، عەبدولمەهدی دەست لەکارکێشانەوەی بەر لە پەرلەمان پێشکێش بە نەجەف کرد (نۆڤێمبەری 2019)، لەکاتێکدا چەندین ساڵە ئەوە بڵاوە کە پەیڕەوی قوتابخانەی نەجەف ویلایەتی فەقیە نییە و سیستانی لە بەرەی ویلایەتی گشتی نییە.
دوای هەڵبژاردنی 2021 کە شیعە کەوتوونەتە بەردەم قۆناخێکی نوێ، مەرجەعی باڵا تەمەنی لە 92 ساڵیدایە، بەهۆی تەندروستی و نەریتی پارێزگارانەی خودی سیستانیشەوە، لەم چەند ساڵەی دواییدا هەموو چاوەکان و سەرنجەکان لەسەر محەممەد ڕەزای کوڕە گەورەی (60 ساڵ) و محەممەد باقری کوڕە بچووکییەتی، کە بە شێوەیەکی نیمچە بەردەوام لە پرسە و بۆنە ئایینییەکاندا دەردەکەون. محەممەد ڕەزاش دەرگاوانی ژووری سیستانی و بەڕێوەبەری نووسینگە تایبەتەکەی باوکییەتی و، هەموو ئەوانەی دەچنە ماڵەکەی لە نزیك مەزاری ئیمام عەلی بە فلتەری ئەودا دەڕۆن و مەرجەعیش زیاتر هەر ئەو شتانە دەبینێت و دەبیستێت کە محەممەد ڕەزا بۆی ئامادە دەکات.
لە سەروبەندی هەڵبژاردنی پێشوەختەدا، سەدر دووجار چووەتە ماڵی سیستانی (ئاب و ئۆکتۆبەری 2021)، باوەڕیش وایە ڕێکخەری سەردانەکان محەممەد ڕەزا بوویێت، ئەم کرانەوە گەورەیەی سەدر بەڕووی سیستانیدا لەکاتێکدایە کە ترس و نیگەرانییەکی بەردەوام هەیە کە پەلکێشانی سەدر تەنیا بە کایەی سیاسییەوە نەوەستێت و، لە داهاتوودا میراتی سیستانی و حەوزەی نەجەفیش بگرێتەوە.
لەکاتێکدا مەرجەعیەتی سیستانی و مەرجەعیەتی ئالی سەدر لەسەر دوو ئاراستەی جیاوازی تەریب بە یەکتر کار دەکەن و، باوکی سەدر لە گوتارەکانی نیوەی یەکەمی ساڵی 1990 دا زۆرجار پلاری ئەوەی لە سیستانی و چواردەورەکەی دەگرت کە لە ئاست پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی شیعە بێدەنگن و، لە حوجرەکانیاندا سەری خۆیان کز کردووە.
هەندێك بۆچوون پێیانوایە ئەگەر موقتەدا سەدر ڕەزامەندی مەرجەعیەتی نەجەفی وەرنەگرتبێت لەو سەردانانەی بۆ ماڵی سیستانی کردی و، بەو پێداگرییانەی لەسەر ڕۆڵی مەرجەعییەت دەیکات لە پەیامەکانی ئەم دواییەیدا، نەیدەتوانی هێندە پێ ڕابکێشێت و هێندەش ڕکابەرە شیعەکانی بخاتە گۆشەیەکی بەرتەسکەوە، بەڵام ئەمە ڕێگر نییە لەبەردەم هەندێك بۆچوونی دیکە کە سوورن لەسەر ئەوەی

ئەم پەلکێشانەی سەدر مەترسییەکی گەورەیە لەسەر خودی مەرجەعییەت، بەوپێیەی سەنتەری دەسەڵاتی سەدر نەجەفە. پاش بردنەوەی هەڵبژاردنیش یەکەم هەنگاو، پارێزگاری ئەم شارە ئاینییە پیرۆزەی شیعەی رادەستی رەوتەکەی کرد. وادیارە ئەم ترسەش لای سەدر جێگەی گرنگیدانە و لەم میانەیەشدا بۆ رەواندنەوەی ئەو گومانانەی کە لە ناوەندی شیعەشدا هەن لە پەیامێکی تایبەتدا (ئۆکتۆبەری 2021) جەختی لەوەکردەوە ئەو هێشتا فێرخوازی حەوزە دینییەکانە و سەرقاڵبوونی بە سیاسەتەوە رێگربووە لەوەی قۆناخەکانی فەقێیەتی ببڕێت و بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە شەرعی و مەزهەبییەکانیش دەگەڕێتەوە سەر میتۆد و فەتواکانی باوکی (محەممەد سادق سەدر)، بەمەش لەلایەك رکابەریکردنی لەسەر مەرجەعییەت رەتکردەوە، لەلایەکەی دیکە بەناڕاستەوخۆ جەختی لەوەکردووە، نەبووەتە شوێنکەوتەی سیستانی لە پرسە شەرعی و مەزهەبییەکان.
بێدەنگیی ئاشکرای مەرجەعییەت لە جموجوڵەکانی سەدر دەچێتە چوارچێوەی بێدەنگی و بێ هیوایی ئەم ساڵانەی دوایی مەرجەعییەت لە کایەی سیاسی شیعە، جگە لەوەش هەندێك پێشهات کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر ئەوەی نەجەف دەستتێوەردان لە کاری سیاسی زۆر کەمتر بکاتەوە.
ئەمەش لەپێناو ئەوەی سەنگ و قورسایی خۆی بپارێزێت، لە 2019 کە گەنجەکانی تشرین لە کۆمەڵگە شیعەنیشنەکان راپەڕین، پیرۆزی و تابۆ و سیمبوولە ئایینییەکان گورزیان بەرکەوت، کاتێکیش مانگێك بەر لە هەڵبژاردنی تشرینی 2021، سیستانی داوایکرد خەڵك بە جۆش و خرۆشەوە بەشداری لە پرۆسەکەدا بکەن، بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان رێژەی بەشداریکردن 41%ی تێنەپەڕاند و خەمڵاندنە نافەرمییەکانیش باس لە دەورەبەری 30% دەکەن، هەموو ئەمانەش هاندەرن بۆ ئەوەی سیستانی و چواردەورەکەی دەست بە هەڵوێستە سیاسییەکانیانەوە بگرن و، ئەگەر پلانێکی دەستوەردانیشیان هەبێت زۆر بە نهێنی و وردی کاری بۆ بکەن، بەجۆرێك تاوەکو مسۆگەرکردنی سەرکەوتن؛ بۆ خەڵکی ئاشکرا نەکەن.
*یاسین تەها، شارەزای کاروباری عێراق، ئەم وتارەی بەتایبەت بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو نووسیوە .